# کۆچکردنی خێزان

ئەگەر یەکێک لەئەندامانی خێزانەکەت لە نەرویج بژی، یاخود تۆ خوازیاربیت خێزان پێکبهێنیت لەگەڵ یەکێک کەوا لەنەرویج دەژی، ئەوکات دەتوانیت داوای مۆڵەتی کۆچکردنی خێزان بکەیت هەتا کۆچبکەیت بۆ نەرویجو بەیەکەوە ژیان بەسەر بەرن. ئەوەی لەنەرویج دەژیو داواکارە دەبێت ڕەگەزنامەی نەرویجی هەبێت، یان هاووڵاتی یەکێک لە وڵاتانی باکوور بێت، یاخود خاوەنی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی بێت (کەوا پێشتر پێیدەگوترا مافی نیشتەجێبوون) یاخود مۆڵەتێکی نیشتەجێبوون کە دەبێتە بناغە بۆ نیشتەجێبوونی هەمیشەیی.

### کام لە ئەندامانی نزیکی خێزان مافی مۆڵەتی کۆچکردنیان هەیە بۆ نەرویج؟

- هاوسەر یان هاوبەشی ژیانی تۆمارکراو.
- هاوژین بەلای کەمی بۆ ماوەی دووساڵ.
- ئەو هاوژینانەی منداڵی هاوبەشیان هەیە لە یەکتر (گەرچی هاوژینییان ــ بەیەکەوە بوونیان ـ لەدووساڵ کەمتر بووە).
- منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵ.
- دایکو باوکێك بەرپرسی ڕۆژانەی منداڵی نەرویجی بن، یان مافی بەیەکەوە بوونیان هەبێت لەگەڵ منداڵ لەنەرویج.

### کێی تر لە ئەندامانی دیکەی خێزان دەتوانن مافی کۆچکردنی خێزان وەربگرن؟

- کەسێك بیەوێت هاوسەرگیری ئەنجام بدات لەرۆژی یەکەمی هاتنی بۆ نەرویج هەتا شەش مانگ لەگەڵ یەکێك کە لە نەرویج دەژی.
- دایکێك یان باوکێکی سەڵت کەوا تەمەنی لەسەرووی 60 ساڵەو خاوەنی خزمو کەسی نزیك نییە لەوڵاتی بنەڕەتی خۆی.
- ئەو هاوژینانەی چاوەڕێی کۆرپەی هاوبەشن.
- منداڵێك تەمەنی لە 18 ساڵ زیاتر بێتو خاوەنی هاوسەرو هاوژین نەبێتو، بەتەنیا مابێتەوە لە وڵاتی بنەڕەتی خۆیو، سەرجەم ئەندامانی خانەوادەی لەنەرویج نیشتەجێبوونو بژێوی ئەویش لەسەر ئەمان بێت.
- خوشکو برای حەقی (دایکو باوکی) کەتەمەنیان لەخوار 18 ساڵەوە بێتو دایکو باوکیان لەژیاندا نەمابێتو، هیچ کەسیان نەبێت لەوڵاتی بنەڕەتی خۆیان یان لەو وڵاتەی لێی دەژین دارایی‌و بژێوییان بۆ پەیدابکات.

### مەرجی هەبوونی ئابووری پێویست بۆ بەخێوکردن و هەبوونی شوێنی ژیانکردن

#### – مەرجی بەخێوکردنو بژیوی پەیداکردن –

وەك یاسایەکی گشتی دەبێت ئەوەی لەنەرویج دەژی توانای ئابووری هەبێت بۆ بەخێوکردنی ئەوەی دەیهێنێت بۆ نەرویج، بەو پێیە دەبێت ئەو کەسە داهاتی ساڵانەی بەلای کەمی 225400 کرۆنی نەرویجی بێت پێش برینی باج (ئەم بڕیارەش لەبەرواری 01.01.2010 کاری پێ دەکرێت).
هەروەها دەبێت ساڵی رابردووش هەمان بڕی پارەی پەیداکردبێتو، نابێت ئەوکەسە ساڵی رابردوو یارمەتی لەسۆسیال وەرگرتبێت.
لەکاتێکدا داواکار یان داواکاران خزمی نزیکی ئەو کەسە نەبن کە لەنەرویج دەژی، مەرجە ئەوەی لەنەرویج دەژی خانوویان بۆ دابینو دەستەبەر بکات.

### مەرجی 4 ساڵەی ئیشکردن یان خوێندن لە نەرویج

ئەگەر ئەوەی لەنەرویج دەژی کۆچبەر بێت، بۆی هەیە یەکێك لەمەرجەکان ئەوەبێت چوار ساڵ بە کاتی تەواوەوە یان کاری کردبێ یان قوتابی بووبێت لە نەوریج، ئەم مەرجەش بەسەر ئەوانەدا دەچەسپێت کە مارەبڕن (دەستنیشانکراون) یان هاوسەرن یان هاوژینن و خاوەن منداڵی هاوبەشن یان چاوەڕێی کۆرپەی هاوبەشن لە هاوژینەکەی کە لە نەرویج دەژی، پێکهێنانی ژینی هاوبەشی نێوان ئێوەش دوای هاتنی کەسی کۆچبەر بووە بۆ نەرویج.
بێگومان ئەگەر ئەوەی لەنەرویج دەژی ڕەگەزنامەی نەرویجی یان یەکێك لەوڵاتانی باکووری هەبێت یا وەریگرتبێت، ئەم مەرجانەی لەسەر دانانرێت.

### چ جۆرە دۆکیومێنتێک هاوپێچ بکەم لەگەڵ داواکارییەکەم؟

مەرجی هاوپێچکردنی چ جۆرە دۆکیومێنتێك جیاوازە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، وە بۆی هەیە هەموو کاتێکیش لە گۆڕاندا بێت، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوە بکەیت سەبارەت بەو مەرجانەی باڵیۆزخانە یان کونسولیەتی نەرویج هەیەتی لەو وڵاتەی تۆ داواکارییەکەی تێدا دەکەیت.

لەگەڵ داواکارییەکەت دەبێت ئەم شتانەی خوارەوە هاوپێچ بکەی:

- فۆرمی داواکردن بەپڕکراوەیی‌و واژووی (ئیمزا)ی خۆتەوە.
- بەڵگەنامەی لە دایکبوونت.
- کۆپییەك لەسەرجەم لاپەڕەکانی پەساپۆرتەکەت (هەروەها ئەو لاپەڕانەشی کەبەکارنەهاتوون).
- دۆکیومێنتو بەڵگەی جۆری خزمایەتیەکەت لەگەڵ ئەو کەسەی کەلەنەرویج دەژی.
- دۆکیومێنتو بەڵگە لەسەر ئەوکەسەی لەنەرویج دەژی کەوا توانای ئابووری هەیە بۆ بەخێوکردنی تۆ.
- دۆکیومێنتو بەڵگە لەسەر ئەوەی لەنەرویج دەژی کەوا جێگاوشوێنی هەیە تۆی تیابژیت (بۆ نموونە گرێبەستی خانووبەکرێگرتن یان گرێبەستی خانووکڕین).
- دۆکیومێنتو بەڵگە لەسەر ئەوەی لەنەرویج دەژی بەلای کەمی چوارساڵ کاریکردوە یا خوێندویەتی لەنەرویج (گەر ئێوە لەوانەبن کەئەم مەرجە بیانگرێتەوە).
- وێنەی داواکار بۆ داواکاریەکە.

وێرای ئەم مەرجانە بۆی هەیە مەرجی زیاتر هەبێت بۆ هەندێك لە داواکاران، باڵیۆزخانە یان پۆلیس زانیاری زیاتری هەیە سەبارەت بەوەی کە هەر داواکارییەك چی جۆرە بەڵگەنامەیەك دەخوازێت.

ئەو دۆکیومێنتانەی هاوپێچ دەکرێن دەبێت نوسخەی ئەسڵی بن، یاخود کۆپییەکی باوەڕپێکراو لەلایەن فەرمانگەیەکی حکومی، گەرشتی تری تایبەتی تێدا نەبێت، سەرجەم دۆکیومێنتەکان دەبێت وەرگێردرابن بۆ زمانی نەرویجی یا ئینگلیزی لەلایەن وەرگێڕێکی مۆڵەت پێدراو.

### ؟مەکب اواد ێوکەل

کاتێ دەتەوێ داوای مۆڵەتی کۆچکردنی خێزان بکەی، دەبێت داواکارییەك پێشکەش بە باڵیۆزخانە یان کونسوڵیەتی نەرویجی بکەیت لە وڵاتی بنەڕەتی خۆت، یا لەو وڵاتەی کە مۆڵەتی دانیشتنت هەبوە لە دوا شەش مانگدا.

### واب یرایسرپ کێدنەه

## واب یرایسرپ کێدنەه

### ەد مڵەو مەکەیراکاواد اتەه تێنەیاخەد تاک دنەچ ایائ ؟ەوەتێرد

لەماڵپەڕی www.udi.no/saksbehandlingstider سەرجەم کاتخایاندنەکانی تێدایە، یاخود پەیوەندی بکە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری بێگانان UDI، هەروەها دەتوانیت لەباڵیۆزخانەی نەرویجی زانیاری وەربگرێت سەبارەت بەوەی چەند کات دەخایەنێت.
بۆئەوەی کات بەفیڕۆ نەدەیت لەکاتی بڕیاردان لە سەر (چارەسەری) داواکارییەکەت، واپێویست دەکات بە وردی فۆرمی داواکاری پڕبکەیتەوەو وردبیت لەهاوپێچکردنی سەرجەم دۆکیومێنتە پێویستەکان.

### یتەڵۆم ینووچرەد شێپ جیورەن ۆب مێب مناوتەد ایائ ؟نازێخ یندرکچۆک

گومان ناتوانیت بێیت بۆ نەرویج پێش دەرچوونی مۆڵەتەکە.
ئەگەر پێویستت بەڤیزا نەبێت بۆ سەفەری نەرویج ئەوا دەتوانیت سەفەربکەیت‌و، لەهەندێ حاڵەتیشدا داواکارییەکە لەنەرویج پێشکەش بکەیت. ئەمەش بۆ کەسانێك دەبێت بۆنموونە کەهاوسەری یەکترن، یان پتر لەدوو ساڵە هاوژینی یەکن، یاخود تۆ هاوژینیت‌و خاوەن منداڵی یان چاوەڕێی کۆرپەی هاوبەشیت لەهاوژینەکەت‌و ئەویش لەنەرویجە. ئەوکەسەشی لەنەرویجە دەبێت خاوەنی رەگەزنامەی نەرویجی یان رەگەزنامەی وڵاتانی باکووربێت، یاخود مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی هەبێت، یا مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەبێت‌و مۆڵەتەکەش بناغەیەك بێت بۆ نیشتەجێبوونی هەمیشەیی.
بۆی هەیە واڕێبکەوێت منداڵی تۆو هاوسەرت بێت کە لەنەرویج دەژی‌و رەگەزنامەی نەرویجی نییە، ئەوکات دەتوانێت لەنەرویج داوا بکات، بەهەمان شێوە گونجاوە بۆ منداڵی تۆ لەهاوسەری یا پەیوەندی پێشووت، ئەگەر تۆ بتوانیت بەدۆکیومێنتو بەڵگە بیسەلمێنی کەوا بەرپرسی بەخێوکردنی ئەو منداڵەیت، یان لایەنەکەی تر (باوك یا دایك) ڕازی بێت لە سەر ئەوەی منداڵەکەتان لە نەرویج نیشتەجێ ببێت. ئەگەر گومانت هەیە لەوەی تۆ یان منداڵەکەت دەتوانن سەفەر بکەن بۆ نەرویج پێش دەرچوونی مۆڵەتی نیشتەجێبوون، واباشترە سەردانی نزیکترین باڵیۆزخانەی نەرویجی بکەیت، یا پەیوەندی بکەی لەگەڵ UDI.

### یندرکچۆک یندرکاواد ۆب یەدب (ەراپ) جاب تێبەد ایائ ؟ نازێخ

بەڵێ، بۆ داواکردنی کۆچکردنی خێزان دەبێت باج بدرێت، باجەکە دەدرێت بەپۆلیس یان باڵیۆزخانە کاتێ داواکارییەکە پێشکەش دەکرێت. بەڵام منداڵی خوار تەمەن هەژدە ساڵی باجی لەسەر نییە، بۆ زانینی دوایین زانیاری لەسەر نرخی باجەکان، سەیری ماڵپەڕی

Utlendingsdirektoratet (UDI)
Postboks 8108 Dep.
N-0032 Oslo
Kontoradresse: Hausmannsgate 21

Telefon: (+47) 23 35 15 00
Faks: (+47) 23 35 15 15
www.udi.no
E-post: udi@udi.no

خێزان، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە نزیکترین نمایندەی دەرەکی نەرویجی. خۆئەگەر لەنەرویجی ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە UDI وە. سەیری خوارەوە بکە بۆ چۆنیەتی پەیوەندیکردن.

UDI بکە لەسەر ئینتەرنێت، یا پەیوەندی بکە بە نزیکترین نمایندەی دەرەکی نەرویجی.
باجەکەش بە کاش یان بەکارت دەدرێت، ئەوکەسەش دەتوانێت باجەکە پێشوەخت بخاتە سەر ژمارەی حسابی بانکی، لەم حاڵەتەدا دەبێت پسووڵەی پارەدان هاوپێچ بکرێت لەگەڵ داواکارییەکە کەوا لەرێگەی پۆستەوە دەینێریت یاخود بەدەستی دەیسپێریت. ژمارەی حسابی بانکیش پۆلیس یان باڵیۆزخانە پێت دەدات.

**ئایا دەکرێت مۆڵەتی کۆچکردنی خێزان وەربگیرێت لە کاتێکدا ئەندامی خێزانم مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەیە لەنەرویج بەڵام ئەو مۆڵەتە لەو جۆرەیە کە نابێتە مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی؟**

بەڵێ، بەڵام ئەمە بەتەنیا بۆ هاوسەرو هاوژینو منداڵە، لەبڕیاری مۆڵەتی نیشتەجێبوونی ئەوکەسەی لەنەرویج دەژی نووسراوە ئایا مۆڵەتەکەی لەو جۆرەیە کە دەتوانێت کۆچکردنی خێزان ئەنجام بدات یان نا.

**ئایا پێویست دەکات مۆڵەتی نیشتەجێبوون یان مۆڵەتی کارکردن کە لەسەر بنەمای کۆچکردنی خێزانی وەرگرتووە نوێ بکەمەوە؟**

مۆڵەتی کۆچکردنی خێزان هەرجارە بۆ ماوەی یەك ساڵ دەدرێت، گرنگە پێش تەواوبوونی ماوەکەی بەمانگێك داوای نوێکردنەوەی بکەیت. لەکاتی نوێکردنەوەشدا دەبێت باج بدەیت بەڵام باجدان بۆ منداڵی تەمەن خوار 18 ساڵ پێویست ناکات. دوای سێ ساڵیش دەتوانیت داوای مۆڵەتی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی بکەیت.

**ئەگەر داواکاریەکەم رەتکراوە، ئایا بۆم هەیە داوای چاوپیاخشاندنەوە بکەم؟**

بەڵێ، ئەگەر داوای چاوپیاخشاندنەوەت کرد، ئەوا داواکەت لە UDI بڕیاری لەسەردەدرێت. خۆ ئەگەر UDI سوربوو لەسەر بڕیاری پێشووی خۆی، ئەوا کێسەکە دەنێردرێت بۆ دەستەی چاوپیاخشانەوەی کۆچبەریی UNE هەتا بڕیاری لەسەر بدات، بۆ مامەڵە چاوپیاخشانەوەش باج پێویست ناکات.

**ئایا خەرجی سەفەر دەدرێت بەو ئەندامانەی خێزان کەوا مۆڵەتی کۆچکردنی خێزانیان پێدراوە؟**

بێگومان نەخێر، ئەو یارمەتیە تەنیا بۆ ئەوکەسانەیە کەباری پەناهەندەییان وەرگرتوە لەنەرویج یاخود پەناهەندەنو لەرێگەی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە هاتوون بۆ نەرویج، ئەمە ئەگەر ئەمانە هیچ داهاتێکیان نەبێت یاخود داهاتیان کەم بێت و بەشی خەرجی سەفەری ئەندامانی خێزانەکەیان نەکات.

**ئایا دەتوانێت پتر بزانیت سەبارەت بەکۆچکردنی خێزان بۆ نەرویج ؟**

ئەگەر خوازیاری پتر بزانیت سەبارەت بەکۆچکردنی

Utlendingsdirektoratet (UDI)
Postboks 8108 Dep.
N-0032 Oslo
Kontoradresse: Hausmannsgate 21
Telefon: (+47) 23 35 15 00
Faks: (+47) 23 35 15 15
www.udi.no
E-post: udi@udi.no

Utlendingsdirektoratet (UDI)
Postboks 8108 Dep.
N-0032 Oslo
Kontoradresse: Hausmannsgate 21

Telefon: (+47) 23 35 15 00
Faks: (+47) 23 35 15 15
www.udi.no
E-post: udi@udi.no

**Sist oppdatert: 15.02.2011**